# كوردو ئیسلام .. ناسنامەی نەتەوایەتی و ناسنامەی ئایینی

**نوسینی عبدالرحمن صدیق**

دیارە لەقورئان دا، هەموو مرۆڤێك بەتاقی تەنها وەكو چەقی چەند بازنەیەكە، واتە خۆی وەكو تاك داوای لێكراوە كەباوەڕ بەخوای بەدیهێنەری بهێنێ و، كردەوەی چاك ئەنجام بداو، بانگەوازی خوایی بەدەوروبەری بگەیەنێت و، لەم پێناوەشدا ئارام گرو خۆڕاگربێت ، ئەگەرنا ، بەدەر لەم هەنگاوانە، مرۆڤ هەر مرۆڤێك ، خەسارەتمەندی دونیاو قیامەت دەبێت.

ئەمەش كەوتمان ، لێكدانەوەی دەقاو دەقی سورەتی (العصر)ە، كەخوای گەورە تیایدا فەرموویەتی : ﴿ والعصر ۞ إن الانسان لفي خسر ۞ الا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر ﴾ .

بۆیە مرۆڤی بانگخواز لەم پێناوەدا دەبێت چاو لەو میكانیزمە بكات كە پێغەمبەران – درودی خوایان لەسەر – گرتویانەتە بەر، هەر لەم بوارەشدا دەبینین تەواوی پێغەمبەران ، سەرەتا رووی دەمی داوایان لەنەتەوەو گەلانی خۆیان كردووەو، خێرو خۆشی بانگەوازە خواییەكەشیان بۆ نەتەوەی خۆیان بەخەڵات پێشكەش كردووە، بۆیە لەقورئاندا پێغەمبەران – درودی خوایان لەسەر – وەكو چەقی كاری بانگەواز، یەكەم بازنەی برایەتییان لەگەڵ نەتەوەی خۆیاندا بووەو، بەم پێیەش بازنەیەكی برایەتی نەتەوەییان لەگەڵ بەستووە، بۆیە خوای گەورە پێغەمبەرانی كردووە بە (برا)ی نەتەوەكەی خۆیان وەكو لەم ئایەتانەی قورئاندا دەردەكەوێت:

﴿ والى عاد أخاهم هودا ﴾ (الاعراف – 65)(هود – 50)

﴿ والى ثمود أخاهم صالحا ﴾ (الاعراف – 85)(هود-84)

﴿ والى مدين أخاهم شعيبا ﴾ (الاعراف –85)(هود-84)

ئەم پەیوەندییەی برایەتی نەتەوایەتییەش لەگەڵ تەواوی نەتەوەكەدا بووە، بۆیە تەنانەت ، ئەوانەش كە پێغەمبەران بەدرۆ دەخەنەوە خوای گەورە هێشتا پێغەمبەران بە (برا) بۆ ئەوان دادەنێت:

﴿ كذبت قوم نوح المرسلين ۞إذ قال لهم اخوهم نوح الا تتقون ﴾ (الشعراء/ 105-106)

﴿ كذبت عاد المرسلين۞إذ قال لهم اخوهم هود الا تتقون ﴾ (الشعراء/123-124)

﴿ كذبت ثمود المرسلين۞اذ قال لهم اخوهم صالح الا تتقون ﴾ (الشعراء/141-142)

هەر لەبەر ئەمەشە خوای گەورە بەپێغەمبەری خۆشەویست – صلى الله عليه وسلم – دەفەرموێ: ﴿ فاستمسك بالذي أوحي اليك انك على صراط مستقيم۞وانه لذكر لك ولقومك وسوف تسئلون ﴾ الزخرف (43-44).

کەواتە ئەم کامەرانی و خێرو خۆشیەی کە دەرئەنجامی پیادەکردنی بەرنامەی ئیسلامە، سەرەتا لەهەر مرۆڤێکی موسڵمانی بانگخوازەوە، روودەکاتە ئەو بازنەیەی کە نەتەوەکەی خۆی لەچێوەیدا کۆدەبێتەوە.

پاشان تەواوی نەتەوەو گەلانی موسڵمان لەبازنەیەکی فراوانتردا کەبازنەی (برایەتی ئیمانی)یە کۆدەبنەوەو، ئەم بازنەیەش کۆکەرەوەی نەتەوە موسڵمانەکانەو، بازنە بچووکەکانی پێشوو کۆدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی بیانبڕێت یان بیانسڕێتەوە، ئەمەشە واتای ئایەتی: ﴿ إنما المؤمنون إخوة ﴾ (الحجرات-10).

لەدواییدا بازنەیەکی فراوانتر تەواوی مرۆڤەکان لەبازنەی (برایەتی ئینسانیی)دا کۆدەکاتەوە بەدەقی ئایەتی: ﴿ الذي خلقكم من نفس واحدة ﴾ (النساء-1).

﴿ ياأيها الناس إنا خلقناكم من ذكر وانثى ﴾ (الحجرات-13).

هەر لەبازنەی (برایەتی ئیمانی)شەوە، بانگەوازی ئیسلامیی روودەکاتە ئەم بازنە فراوانەی (برایەتی ئینسانی) تا بەهۆی ئیسلامەوە بیانخاتە بازنەی (برایەتی ئیمانی)یەوە:

﴿ تبارك الذي نزل الفرقان على عبده ليكون للعالمين نذيرا ﴾ (الفرقان-1).

بۆیە بەپشت بەستن بەم لێکدانەوەیە دەگەینە ئەم راستیيانەی لای خوارەوە:

یەکەم/ مرۆڤ وەکو تاك ، لەدنیادا سێ بازنەی برایەتی سەرەکی دەورەی داوە کەبازنەی (برایەتی نەتەوایەتی)و بازنەی (برایەتی ئیمانیی)و بازنەی (برایەتی ئینسانی)ن.

دووەم/ هەوڵ و خەبات و تێکۆشانی مرۆڤ لەگەیاندنی پەیامی ئیسلامدا سەرەتا بۆ بازنەی نزیکی خۆی دەبێت و هەر کاتێکیش بەئامانج گەیشت، روو لەگەلان و نەتەوەکانی دی دەکات، واتە رووی خێری لەنەتەوەکەی خۆی دەبێت ئەگەر لێی زیاد بوو دەیبەخشێت بەگەلانی موسڵمان، ئەگەر لەوانیش زیادبوو، دەیبەخشێت بەگەلانی بازنەی سێیەم ﴿ يسألونك ماذا ينفقون قل العفو﴾ (البقرة – 219).

العفو: ئەو شتەیە کەلە ئاتاجی و پێویستی مرۆڤ زیاتر بێت.

سێیەم/ (نەتەوە)و (ئیسلام) دوو چەمکی بەرامبەر بەیەکتر نین تا بەراورد لەنێوانیاندا بێتە ئارا، بەڵکو پەیوەندییەکی ئۆرگانیی بەهێز بەیەکیانەوە دەبەستێت، بۆیە پەیوەندیی نێوان (نەتەوە)و (ئیسلام) پەیوەندییەکی (تكاملی)یە نەك (تفاضلي)، هەر لێرەشەوە گەر (نەتەوە) لاشەو جەستە بێت ، ئەوا (ئیسلام) بریتییە لە رۆح و گیان ﴿ وكذلك اوحينا اليك روحا من أمرنا ﴾ (الشورى-52).

چوارەم/ سەبارەت بەبازنەکانی (برایەتی) لە قورئاندا هەر هەمووی لەوشەی (أخ)ەوە سەرچاوەیان گرتووە،

پێناسەی وشەی (أخ)یش وەکو لە (مفردات الفاظ القرآن)ی (الراغب الاصفهاني)دا هاتووە:

(اخ: الأصل أخو، وهو المشارك غيره في الولادة من الطرفين او من احدهما او من الرضاع ، ويستعار في كل مشارك لغيره في القبيلة او في الدين..)

هەر لێرەوە بازنەی برایەتی نەتەوایەتی و ئیمانی و ئینسانیی لەروانگەی ئەو ئایەتانەی کەلەپێشەوە ئاماژەمان بۆ کردن، سەرچاوە دەگرن، بەم پێیەش ئیسلام بەرنامەیەکی کەم وێنەی بۆ جۆری پێکەوە ژیان لەدنیادا دارشتووە، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کەتێروانینی ئیسلام بۆ ئەم بازنانە بەشێوەیەکە کەهەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەبازنەی (برایەتی نەتەوایەتی) و (برایەتی ئینسانیی)ش بەپەیامی ئیسلام رەنگرێژ بکرێن، چونکە خوای گەورە پاداشت و سزای هەر مرۆڤێك لەرۆژی دواییدا لەسەر ئەو شتانە دەداتەوە کە مرۆڤ بە (اختيار)ی خۆی هەڵی دەبژێرێت چ چاك چ خراپ، جا لەبەرئەوەی بازنەی برایەتی نەتەوایەتی و برایەتی ئینسانیی ویستی خوای گەورەیە بۆ هەر مرۆڤێك ، بۆیە لەرۆژی دوایدا لێپرسینەوەی لەسەر نیيە بەڵام لێپرسینەوە لەرۆژی دواییدا تەنها لەسەر بازنەی (برایەتی ئیمانیی)یە، چونکە مرۆڤ ئارەزوومەندانە بازنەی (عەقیدە) هەڵدەبژێرێت، بۆیە ئەوانەی بەرنامەی ئیسلامیمان قبووڵە دەبنە (برا) لەدنیاو قیامەتدا: ﴿ إنما المؤمنون إخوة ﴾ ئەوانەش کەبێباوەرن دەبنە (برا) لەبێ باوەڕیتی: ﴿ ولا تكونوا كالذين كفروا وقالوا لاخوانهم هلم الينا ﴾

هەر لەبەرئەمەشە ئیسلامخوازان خەباتی (نەتەوایەتی)شیان بەبەرنامەی ئیسلام درێژە پێدەدەن و خەباتی (ئینسانیی)شیان هەروەها.

لێرەوە دەبێت لەخەمی دەستەبەرکردنی مافەرەواکانی نەتەوەکەماندا بین بە بەرنامەی ئیسلام و، پاشان ئەو قەوارە کوردستانیيە ئیسلامیيە سەربەخۆیە لەگەڵ تەواوی قەوارە نەتەوایەتیيە ئیسلامیيەکانی دیدا پێکەوە لەیەکێتیيەکی کۆنفیدراڵی ئیسلامییدا کۆدەبنەوەو بازنەی (برایەتی ئیمانی) پێکدێنن و، بازنەی (برایەتی ئینسانیی) دەرەوەی خۆیان دەدوێنن بۆ هیدایەت دانیان و هێنانیان بۆ بازنەی (برایەتی ئیمانی) بەهێشتنەوەی ناسنامەی نەتەوایەتییان.

پێنجەم/ بەرنامەی ئیسلام، کەلەسەر مرۆڤی موسڵمان پێویستە بەدەوروبەری خۆی رایبگەیەنێت، چاکترو باشتر دێتە بەرهەم ئەگەر بەزمانی هاوبەشی نێوان بانگخوازان و نەتەوەکانیان بێت ، چونکە چاکتر لەیەکدی حاڵی دەبن ﴿ وما ارسلنا من رسول الا بلسان قومه ليبين لهم ﴾ (ابراهيم —4).

هەر لەبەر ئەمەشە خوای گەورە دوا پەیامی خۆی بەزمانێکی ئاسان و روون ناردووە بۆ ئەوەی کاریگەریی

بەسەر تەواوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هەبێت و، تایبەت نەبێت بەنەتەوەیەکی دیاری کراوەوە، بۆیە خوای گـەورە لەوەسفی قورئان دا وشەی (عربی) بەکار هێناوە، وەکو واتا (زمانەوانی)یەکەی نـەك (نەتـەوەیی)یەکـەی، چـونکە لەرووی (زمانەوانی)یەوە وشەی (عربی) واتە واضح، فصیح مبین ، پێچەوانەی وشەی (عربـی) لەقورئانـدا، وشـەی (اعجمی)یە واتە: مبهم ، غامض.

بەڵگەی زۆربەی (مفسر)ەکانی قورئان لەسەر ئەم قسەیە ئەوەیە کەخوای گەورە لەقورئاندا دەفەرموێت:

﴿ ولقد نعلم انهم يقولون انما يعلمه بشر لسان الذي يلحدون اليه اعجمي وهذا لـسان عربـي مـبين ﴾ (النحـل – 103)

﴿ ولو جعلناه قرآنا اعجمياً لقالوا لولا فصلت آياته ، اعجمي وعربي ﴾ (فصلت –44).

(الراغب الاصفهاني) لە (مفردات الفاظ القرآن)دا دەربارەی وشەی (عربی) دەڵێت:

العربی: المفصح واتە روون و پاراو.

اعراب الكلام: بيان فصاحته.

العربی: الفصيح البين من الكلام.

لەبەرامبەریشدا دەربارەی وشەی (اعجمی) دەڵێت:

العجمە: خلاف الابانە.

الاعجام: الابهام

الاعجم: من في لسانه عجمة، عربياً كان او غير عربي.

لە تەفسیری (الخازن)دا هاتووە:

الاعجمي: هو الذي لايفصح في كلامه وان كان يسكن البادية، ومن اجل ذلك سمي زياد الاعجم، لان في لسانه عجمة، مع انه كان من العرب.

کەواتە وشەی (عربی) دوو مانای هەیە وەك لەرستەدا دەردەکەوێت ئەگەر (عربی) لەبەرامبـەر (اعجمـی)یـەوە هات، ئەوە بەمانای (واضح) و (فصيح) دێت.

ئەگەر (عربی) لەبەرامبەر (عجمی)یەوە هات، ئەوە بەمانای عـەرەب یان مرۆڤێکی عـەرەب دێت.

شەشەم/ پەیوەندیی ئیسلامخوازیش بەنەتەوەی خۆیەوە هەمیـشە دەبێـت پەیوەندییـەکی زینـدوو بێـت و، خـۆی بەئەندامێکی ئەو نەتەوەیە بزانێت، چونکە پێغەمبەران – دروودی خوایان لەسەر بێت- هەمیشە بەوشـەی نـەرم و

نیانی وەك (یاقومی) و (یاقومنا) لەگەڵ نەتەوەی خۆیاندا دواون، گیروگرفتی نێوان پێغەمبەران — درودی خوایان لەسەر بێت — و، نەتەوەکانیان گرفتێکی نەتەوەیی نەبووە ، واتە کێشەکە لەگەڵ خودی نەتەوەکە نەبووە وەکو نەتەوە، بەڵکو لەسەر بیروباوەڕە نامۆو، ئەو ئایینە ناڕاستەی نەتەوەکەیاندا بووە، قورئانی پیرۆزیش بەهەمان شێوە ئاماژە بەم راستیە دەکات و پێمان نیشان دەدات کەکێشەکە لەسەر (ملة)ی (قوم)ەکان بووە، نەك خودی (قوم)ە کە خۆی، چونکە بەپێی قورئان وشەی (ملة) جیاوازە لەماناداا لەوشەی (قوم) چونکە پێناسەی (قوم) وەکو لە (مفردات الفاظ القرآن)ی (الراغب الاصفهاني)دا هاتووە واتە:

الملة: كالدين ، وهو اسم لما شرع الله تعالى لعباده على لسان الانبياء.. وتقال الملة اعتبارا بالشيء الذي شرعه الله ، والذين يقال بمن يقيمه اذا كان معناه الطاعة.

بۆیە لەهەموو ئایەتەکانی نێو قورئاندا ، وشەی (ملة) واتە (ئاین) نەك (نەتەوە)، کەئەمڕۆ بەهەڵە (میللەت) لەجیاتی گەل و نەتەوە بەکار دەهێنرێت.

﴿ ومن يرغب عن ملة ابراهيم الا من سفه نفسه ﴾ (البقرة-130)

﴿ قل بل ملة ابراهيم حنيفا ﴾ (البقرة-135)

﴿ ان اتبع ملة ابراهيم حنيفا ﴾ (النحل-123)

﴿ فاتبعوا ملة ابراهيم حنيفا ﴾ (ال عمران-95)

﴿ ملة ابيكم ابراهيم ﴾ (الحج-78)

﴿ ملة ابراهيم حنيفا﴾ (الانعام-161)

لەهەموو ئەم ئایەتانەدا، (ملة ابراهيم) بەواتای (دين ابراهيم) دێت، نەك بەواتای (قوم ابراهيم) هەر بۆیە کاتێك دەسەڵاتدارانی نەتەوەکەی (شعیب) بەخۆی و شوێنکەوتووانیان وت: ﴿ لنخرجنك يا شعيب والذين آمنوا معك من قريتنا او لتعودن في ملتنا ﴾

(شعیب) — علیه السلام — فەرمووی:

﴿ قد افترينا على الله كذبا ان عدنا في ملتكم بعد اذ نجانا الله منها ﴾

لێرە (شعیب) — علیه السلام — دەفەرموێت: ناگەڕێینەوە سەر ئایینەکەی ئێوە، پاش ئەوەی خوای گەورە رزگاری کردین لەو ئایینە هەڵەیەو، ئایینی راستی پێ نیشان داین.

بۆیە (شعیب) — علیه السلام — لەئایینی هەڵەو چەوتی نەتەوەکەی لادەدات، نەك لەنەتەوەکەی خۆی چونکە

ئەوەتا هێشتا دەفەرموێت:

﴿ ربنا افتح بيننا وبين قومنا بالحق وانت خير الفاتحين ﴾ (الاعراف-89).

هەر لەبەر هەمان هۆ، (يوسف)- عليه السلام – دەڵێت : (من وازم لەدينی نەتەوەكەم هێنا، كەبڕوايان بەخواو رۆژی دوايی نەبوو) ناڵێت من وازم لەنەتەوەكەم هێنا، چونكە خوا تەكليفی كردووە كەخەمی نەتەوەكەی خۆی بخوات، بۆيە دەڵێت: ﴿ أني تركت ملة قوم لايؤمنون بالله ، وهم بالاخرة هم كافرون ، واتبعت ملة ابائي ابراهيم واسحاق ويعقوب..﴾ (يوسف/37-38)

بۆيە پێغەمبەران – سەلامی خوايان لەسەر- لەدينی ناڕاستی نەتەوەكەيان وازيان هێناوە، نەك لەنەتەوەكەيان ، بۆيە قورئان پڕە لەدەستەواژەی لەجۆری (قوم نوح ، قوم لوط ، قوم يونس، قوم صالح ، قومك ، ياقومی ، يا قومنا .. هتد).

بەم شێوەيە پێغەمبەران – عليهم السلام- بەدرێژايی ژيانی دونيا لەخەمی نەتەوەو گەلی خۆياندا بوونە، بەهيوای هيدايەت دانيان بۆ ئەوەی لەقيامەت و دواييشدا بەديداری يەكتر شاد ببنەوە، ئەگەر نا، ئەوا پێغەمبەران – درودی خوايان لەسەر – لەرۆژی دواييدا لەبێ باوەڕانی نەتەوەكەی خۆيان دادەبڕێن، بۆيە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لن تنفعكم ارحامكم ولا اولادكم ، يوم القيامة يفصل بينكم، والله بما تعملون بصير * قد كانت لكم اسوة حسنة في ابراهيم والذين معه اذ قالوا لقومهم انا براء منكم ومما تعبدون من دون الله ، كفرنا بكم وبدا بيننا وبينكم العداوة والبغضاء ابدا حتى تؤمنوا بالله وحده..﴾ (الممتحنة/3-4).

حەوتەم/ كە هەر نەتەوەيەك بەزمانەكەی خۆيەوە شوێنكەوتووی پێغەمبەرانی خۆيان بوون، ناسنامەی (عەقائيدی) يان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆ ئەو ئاستە باڵايەی كەشايانی باڵاترين دروستكراوی خوايە، بەڵام ئەم گۆڕانە نەبۆتە مايەی گۆڕانی ناسنامەی (نەتەوايەتی) يان.

لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت كە (نەتەوە)و (ئيسلام) پەيوەندييەكی ئۆرگانی ئەوتۆ بەيەكيانەوە دەبەستێتەوە كە تيايدا (نەتەوە) دەفری (ئيسلام)ە، بۆيە هەموو نەتەوەيەكی موسڵمان دوو ناسنامەی هەيە ناسنامەيەكی (نەتەوايەتی) و ناسنامەيەكی (عەقائيدی) ئێمەش وەكو نەتەوەی كوردی موسڵمان، (كورد)بوونمان ناسنامەی (نەتەوايەتی)مانە: ﴿ وجعلناكم شعوباً وقبائل لتعارفوا ﴾ ، (ئيسلام) بوونيشمان ناسنامەی (ئايينی)مانە: ﴿ ان الدين عند الله الاسلام ﴾.